کوردستانی نوێ KURDISTANI NWE
ساڵی چواردەهەم-ژمارە (3646) هەینی 2005/4/15
No: 3646 Friday 15/4/2005



ئیسماعیل بێشکچی

### لەوەڵامی پرسیارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستاندا

## زانای کۆمەڵناسی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشکچی:

# ناسیونالیزمی کورد زیانی بۆ کەس نییە، چونکە داواکاریەکانی زۆر سروشتین، کەبریتین لەنەهێشتنی گوشارو پاراستنی بەها نەتەوەیی و ژیان کردن بەبەهاکانی خۆیانەوە

ئامادەکردن و وەرگێڕانی وەڵامەکان لەتورکییەوە: فرات کەلەهکی - ئارام عەلی عەزیز

**بەشی پێنجەم وکۆتایی**

***کاتێك کورد لەلایەن ئەوروپاوە وەکو(کەمینە) دەستنیشانکرا، بەشێکی کورد لەتورکیا باسیان لەوە کرد کە(کورد) توخمێکی سەرەکیی بنیاتنانی تورکیایەو کەمینە نییە، سەبارەت بەمەسەلەی کەمینە بەگشتی و بەتایبەت سەبارەت بەکوردو لەم بارەیەوە بیرو بۆچونتان چییە؟**

- راپۆرتی یەکێتیی ئەوروپا سەبارەت بەگۆڕان و پێشکەوتنەکانی تورکیا لە6ی ئۆکتۆبەری 2004پێشکەشکرا. هاوکات لەئەنقەرەش راپۆرتی نوسینگەی مافی مرۆڤی سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیا سەبارەت بەماف و کەلتوری کەمینە راگەیەنرا. لەهەردوو راپۆرتەکەدا کورد وەکو(کەمینە) باسی لێوە کراوە. کورد زۆر بەتوندی دژی ئەو پێناساندنە وەستانەوەو وتیان: ((ئێمە کەمینە نین و توخمێکی بنیاتنەری سەرەکین، کەمینە نین و زۆرینەین و... هتد) بیروبۆچونم سەبارەت بەو مەسەلەیە بەجۆرەیە: ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ کورد ناتوانن ناوی وەکو باوەڕ، میرخان، فەقێ، قەشتۆ، غەزال، وڵات لەمنداڵەکانیان بنێن. ئەم ناوانە لەنفوسدا تۆمار ناکرێن. ئەو ناوانەی کەپیتی(خ-X)،(ق-g)و(وو-W)یان تێدا بێت وا دەژمێردرێن کە لەدژی ژیان و کەلتوری تورکن. ئەوانەشی کەسوورن لەسەر ئەم ناوانە ئەوە داوایان لەسەر تۆمار دەکرێت.

تۆ تا ئێستا بۆت نییە ناوی کوردی لەمنداڵەکانی خۆت بنێیت، ئەوەی کەبۆی نەبێت ناوێك بۆ منالەکەی دابنێ و لەنفوس تۆمار نەکرێ، ئەوە ئەو خێزان و کۆمەڵگایە چۆن دەبێت بەتوخمی ئەسلیی بنیاتنەر؟ چۆن زۆرینە دەبێت، یان بەزۆرینە دەژمێردرێت؟ ئایا ئەوەی کەبۆی نەبێت ناوێکی کوردی لەمنداڵەکەی بنێت دەبێتە بنیاتنەرێکی سەرەکی؟ تاوەکو ئێستاش منداڵان لەخوێندنگاکاندا دروشمی(تورکم، راستم، ئیشکەرم... با هەبوونم دیاری بێت بۆ هەبوونی تورك) دەڵێنەوە، منداڵانی کوردیش ئەم دروشمانە دەڵێنەوە. بەمەش دەگوترێ دروشم! ئەم دروشمە چی دەگەیەنێت بۆ کورد، دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ و شی بکرێتەوە. گروپێك کەبلێ(هەبوونم با دیاری بێت بۆ هەبوونی تورك) چۆن دەبێتە توخمی ئەسلی و بنیاتنەرو پێکهێنەرو چۆن دەتوانێ لەناو زۆرینەدا بێت؟ هەموو ئەمانە وای دەردەخەن کەهیچ شتێك نین، نەك خاوەن مافی توخمی ئەسلی و بنیاتنەر، بەڵکو خاوەن مافی کەمینەش نین. لەسیستەمی سەردەستی تورکدا کورد بەتورك دەژمێردرێن، چەند بەپێی پێوانەی تورکبوونیش ببێتە تورك، ئەوەندە توانای دامەزراندنیان لەئیدارە گشتیەکاندا هەیە. ئەوانەی سورن لەسەر کوردبوونی خۆیان و داوای مافی کورد دەکەن، مەحاڵە لەئیدارە گشتیەکان و دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا دابمەزرێن و جێیان ببێتەوە. نمونەی هەرە نزیکی ئەمەش: پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراسین(DEP). لەبەر ئەوەی لەناسنامەکانیاندا(تورك) نوسراوە، بۆیە بواری خۆ هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان پێدراوەو هەڵبژێرراویشن، بەڵام لەبەر ئەوەی داوای مافی کوردیان کردو دانیان بەکوردبوونی خۆیاندا نا، (حەسانەی دیبلۆماسیان) لێ سەنرایەوەو خرانە زیندانەوە. بۆ یەکەمین جار لێ سەندنەوەی(حەسانەی دیبلۆماسی) لەمێژووی سیاسی و مێژووی پەرلەمانی تورکیادا لەپەرلەمانتاران کە بەیەکجار لە20 پەرلەمانتەر بسەنرێتەوە لەسەر کورد جێبەجێکرا.

چەمکی(ئێمە توخمی ئەسلین، زۆرینەین) بەو مانایە دێت کە ئەرمەن، یۆنانی، یەهودی، ئاسوری... هتد لەدەرەوە بهێڵدرێنەوە. راستتر ئەوەیە کە لەشوێن و کاتی پێویست، بەتورك بگوترێ تورك، بەئەرمەنی بگوترێ ئەرمەنی، بە کورد بگوترێ کوردو بەناسنامەی خۆیەوە لەدام و دەزگاکان و پەرلەماندا جێ بگرێت.

***ئێوە هەوڵدانی تورکیا بۆ بەئەندامبوون لەیەکێتی ئەوروپا لەلایەك و هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپا سەبارەت بەمەسەلەی کورد لەلایەکی دیکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا بەڕاستی یەکێتیی ئەوروپا نیازی دابەشکردنی تورکیای هەیە؟**

- هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا تەندروست نییە. یەکێتی ئەوروپا بەردەوام هەڵوێستێکی دووڕووی بەرامبەر بەکورد هەبووە. لەکاتێکدا ئیدعای(دژایەتی کردنی تیرۆر) دەکات، بێ سنور هاوکاریی تیرۆری دەوڵەت دەکات. لەوەڵامی پرسیاری دەوومدا ئاماژەم بەهەڵوێستی ئینگلتەرەو فەرەنسادا بەرامبەر بەکورد. رۆڵی ئەوروپا زۆر گەورەیە لەو نەهامەتیانەی بەسەر کوردیان هێناوە. راستییەکەی، ئەو ستاتوەی لەسەردەمی زوودا دایانمەزراندبوو، تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان درێژەی هەیە. بەڕای من یەکێتی ئەوروپاو بیرۆکەو نیازی پارچە پارچەکردنی تورکیای نییە. پێویستە ئەوەش بڵێم کەچەمکی(دابەشکار، پارچەکاری، جیاوازبوونەوە) وەکو ساڵانی بیستەکان بانگهێشت کردنە بۆ(دابەش و پارچە پارچەکردنی) کوردو کوردستان کەئەوەی تیایدا دابەش و پارچە پارچەکرا تەنها کوردو کوردستان بوون.



دیمەنێك لەشوێنە مێژوویەکانی دیاربەکر

***ئێوە چەمکی(کۆماری دیموکراتیك) کە کۆنگرەی گەل- PKK ی جاران ئیدیعای دەکات چۆن هەڵدەسەنگێنن، بەپێی بۆچونتان، ئایا چارەسەری کێشەی کورد بەم چەمکە دەکرێت؟**

- ئەمە ریگایەکە بۆ باسکردن لەهەندێك مافی کورد لەچوارچێوەی ئایدۆلۆجیای فەرمیی دەوڵەتدا، بەبێ رەخنەگرتن لەدەوڵەتی کۆماری دیموکراتیك و ئایدۆلۆجیای رەسمیی دەوڵەت. کۆماری دیموکرات مەبەستی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتە. تیایدا هیوا دەکرێ دەوڵەتێك دیموکراتیزە بکرێ و دان بەهەندێك مافی کوردیشدا بنرێ. ئەگەر لەدەوڵەتیش بپرسیت، ئەویش دەڵێ: دیموکراتیزە بووم و زیاتریش دیموکراتیزە دەبم، بۆ بەرهەمی دیموکراتیزەبوونیشیان نمونەی پەخشی کوردی(20-30) دەقیقەی بەرەبەیانیان دەهێننەوە، هەروەها کۆرسی فێربوونی کوردی کە بەزۆر شت دەورە دراوەو تەمەنی فێرخواز کەدەبێ لە 15-16 ساڵ گەورەتر بێت لەو کۆرسانەدا وەکو نمونەی دیموکراتیزە بوون دەهێننەوە. کێشەی کۆرسی فێربوونی کوردی، بەهەموو شێوەیەك گوزارشت لەو هەلومەرجە دەکات و رەنگدانەوەی ئەو رەوشەیە کە کورد تیایدا دەژی. بۆ نمونە با وا دابنێین کۆرسی عەرەبی لەبەغدا کرایەوە... ئایا کێ دەچێتە ئەو کۆرسەوە؟ ئینگلیزی و چینی و ئەمریکی و تورك و هەموو ئەوانەی کەدەیانەوێ عەرەبی فێر بن دەچنە ئەو کۆرسانەوە، یان ئەگەر کۆرسێکی فێربوونی ئینگلیزی لەلەندەن بکرێتەوە، ئایا کێ دەچێت، ئەوانەی کەدەیانەوێ فێری ئینگلیزی بن وەکو ئەڵمانی و تورك و عەرەب و کورد... هتد، یان با وا دابنێین کۆرسی فێربوونی تورکی لەئەنقەرە کرایەوە، کێ دەچێت، ئەوانەی کە دەیانەوێ فێری تورکی بن، وەك ئەمریکی و چینی و هیندی و عەرەب و کوردو...هتد. ئەو کۆرسانەی فێربوونی کوردی کە لەوان و باتمان و دیاربەکرو ئەدەنەو ...هتد کراوەتەوە کێ دەچێتە ئەو کۆرسانەوە؟ کورد دەچن. کورد لەپێناوی فێربوونی زمانی رەسەنی خۆیان و فێربوونی زمانی دایکیان دەچنە ئەو کۆرسانە. ئایا ناکۆکیەك لێرەدا نییە؟ بۆچی ئەم کۆرسانە قەدەغە کراون بۆ کەمتر لە 15-16ساڵ؟ کەواتە لەم حاڵەتەدا کورد پێویستە داوای فێربوونی ئیجباری زمانی کوردی بکەن.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم لەسەر بیرو بۆچونێکی کۆنگرەی گەل هەڵوەستە بکەم کەئەویش رەخنە گرتنە لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەباشوری کوردستان بەوەی کە(نەتەوەیی پریماتیڤن-قەومی بیدائین)ن و بەمە تاوانباریان دەکات. وەکو باس دەکرێ هەندێك ناوەند لەتورکیا چەمك و بیرو بۆچونی ناسیونالیزمی تورکپەرستیی هەیە. ئەم چەمکە باس لەوە دەکات کەتورك نەژادێکی باڵان، تورك بۆ ئەوە دروست کراون تا کەسانی دیکە بەڕێوەبەرن و هەندێك نەتەوەش بەپاشقەرویی و سەرەتاییانە(بدائی) لەدایك بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەتەوەکان توانای ئیدارەکردنی خۆیان نییەو بەردەوام دەبێ لەلایەن هەندێکی دیکەوە کەنەژادی باڵان بەڕێوەببردرێن. کوردیش دەخاتە ناو دەستەواژەی(جۆر)ی نەتەوەی(سەرەتایی). ئەمەش تێڕوانینێکی شایستەیە لەناو دەوڵەت و بەتایبەتی لەقوڵاییەکانی دەوڵەتدا. ئەو ناسیونالیزمەی ئیدیعای باڵاتربوونی بکات لەهەموو نەتەوەکانی دیکەو یەکسانی قەبوول نەکات، ناسیونالیزمێکە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەوانی دیکەیەو بەڕای من ئەوە(قەومی بیدائیە). بەڵام ناوەندەکانی(کۆنگرەی گەل) تەنانەت رەخنەیەکی بچوکیش لەو نەتەوە پەرستییەو ئایدۆلۆجیای فەرمی بگرن، لەلایەکی دیکەش کەمتەرخەمی ناکەن لەڕەخنەگرتن و تاوانبارکردنی حزبە کوردییەکان باشوری کوردستان و سەرکردەکانیان بەقەومی بیدائی، کەدەیانەوێ لەگوشار رزگاریان بێت و ئازادانە گەشە بەناسنامەو کەلتوری خۆیان بدەن و نیازی تواندنەوەی کەسانی دیکەشیان نییە.

زاراوەی قەومی بیدائی زاراوەی دەوڵەتە. لەساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا پێش دەرخستنی یاسای دژە تیرۆرو لەساڵانی کارکردن بەمادەکانی 141و 142ی یاسای سزادانی تورکیا ئەوانەی کەباسیان لەکورد و کوردی کردبا بە سەرەتایی(البدائیە) بوون و بەخوازیارانی گەڕاندنەوەی سەرەتایی بوون تاوانبار دەکران. کورد و زمانەکەی بەسەرەتایی ناو دەبردرا. ئەوانەی کەئەم باسانەیان دەکرد و داوای زمانی کوردییان دەکرد بەگەڕاندنەوەی ژیان بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی تاوانبار دەکران. دادوەرەکانیش بەتاوانی لاوازکردن و لەکەدارکردنی هەستی نەتەوەیی دەعوایان لەسەر ئەو جۆرە نوسین و کتێبانە تۆمار دەکرد. لەتەك زاراوەکانی((پاراستنی سەرەتایی بوون))، ((ژیان پێدانی سەرەتایی بوون))، دروشمەکانی(( کارکردن بۆ قەومیەتی بیدائی))، زاراوەی کەمینە و بە کەمینەیی کردن و رەگەزپەرستیش بەکار دەهێنران. هەموو ئەمانە زاراوەی دەوڵەت و ئایدۆلۆجیای فەرمی دەوڵەت بوون.. لەلایەکی دیکە پێویستە لەرووی دەسکەوتەکانیشەوە سەیری مەسەلەکە بکەین. لەوەڵامی پرسیاری سیانزەهەمدا ئاماژەم بەوە دابوو کەسەرەڕای خەباتێ کە بەفیداکاریەکی گەورە کراوە دەسکەوتی جدی بەدەست نەهێنراوەو ئاماژەم بەوەش دابوو کەتاوەکو ئێستا ناتوانن ناوی کوردی لەمنالەکانی خۆیان بنێن. ئایا لە بارودۆخێکی وەهادا پێویست ناکات باکوور خۆی بەخاوەنی بەها نەتەوەییەکان بزانێت و ناسیونالیستی بکات؟ لە وەڵامی پرسیاری نۆیەمیشدا هەوڵمداوە ئاماژە بەدەستکەوتەکانی باشوری کوردستان بکەم، سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەندێك ناوەندی باکوور، باشور بەقەومی بیدائی تاوانبار دەکەن، ئەمەش لەروی کۆمەڵایەتیەوە، جۆرێکە لە گاڵتە پێ کردن. دەبێ زاراوەی ناسیونالیزمیش رون بکرێتەوە. پێویستە مرۆڤ دژی ناسیونالیزمی عەرەب و تورك و فارس بوەستێتەوە. چونکە ئەو ناسیونالیزمە، بۆ نمونە" ئامانجێکی وەکو تواندنەوەی کوردییان هەیە و دەستیشی لێ هەڵناگرێ. ناسیونالیزمی کورد هەڕەشە لەکەس ناکاو زیانی بۆ کەس نییە. چونکە داواکاریەکانی زۆر سروشتین، کەبریتین لەنەهێشتنی گوشارو پاراستنی بەها نەتەوەیی و ژیان کردن بەبەهاکانی خۆیانەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەم داواکاریانەیان بە(قەومی بیدائی) تاوانبار دەکرێن. باسکردنی زوو زووی ئەم زاراوەیە، دەبێ مەبەستێکی لەپشتەوە هەبێت: کەئەویش خۆی لەوەك دەبینێتەوە کەهەوڵ دەدرێ باکور لەپێشکەوتنە ئیجابیەکانی باشور و دابڕدرێ گومان و هەستی سلبی بەرامبەری بێتە کایەوەو کەس هاوکاریی نەکات.

***(عەبدوڵڵا ئۆجالان) لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پارێزەرەکانی وای باسکردوە کەبەرێزتان دەتانەوێ ببنە(زیا و کوك ئالب)ی کوردان، بۆچونتان چییە لەم بارەیەوە؟**

- (زیا و کوك ئالب) کێشەی لەگەڵ ناسنامەکەی خۆیدا هەبوو. لەخێزانێکی کوردەوە هاتبوو، بەڵام لەخۆیدا هەستی بە(تورك) بوون دەکردو دەیگوت: من تورکم. دەیویست کوردەکان تەتریك بکات. زۆر کاریشی لەو بوارەدا هەیە.(زیا و کوك ئالب) یەکێکە لەبەرهەمهێنەران و بڵاوکەرەوەکانی ئایدۆلۆجیای فەرمیی دەوڵەت و لەسەروی هەموویانەوەش دێت. کەسێك کە بەرهەمهێن و بڵاوکەرەوەی ئایدۆلۆجیای فەرمی بێت و یەکێکی دیکەش بەزاراوەی زانستی رەخنەی ئەم ئایدۆلۆجیایە بکات و بەهۆی ئەم رەخنانەوە دووچاری سزای زۆر قورسی سزایی و ئیداری بوویێتەوە ناخرێتە هەمان خانەوە. ئیسماعیل بێشکچی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ناسنامەی خۆیدا نییە. گرتنە دەستی بێشکچیش بۆ مەسەلەی کوردو کێشەکەشی خاوەن واتایەکی جیایە و هەوڵێکە بۆ ناسین و تێگەیشتنی دەستەواژەی کۆمەڵگایەکی جیا. لەهەمان کاتدا ئەمە وەکو خولیایەکە بۆ کێشەیەك کەپێویستی بەتێڕوانینی زانستیانە هەیەو گەرم و گوڕی بەخشە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی زانستی.

**لەوەڵامی پرسیاری یەکەمیشدا هەوڵمداوە ئەم مەسەلەیە رون بکەمەوە، کە خولیاو گەرم و گوڕی ناسین و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی دەستەواژەی کۆمەڵگایەکی جیا. بەڵام کارو چالاکییەکانم لەو بارەیەوە دوچاری گوشاری زۆری دەوڵەت بوون. با هەڵوەستەیەك لەسەر ساڵانی شەستەکان، حەفتاکان، هەشتاکان و نەوەدەکان بکەین:**

کاروچالاکییەکان دووچاری سزای گەورەی سزایی و ئیداری بوون. لەکەش و هەوایەکی وەهادا، واتە لەکەش و هەوایەکدا کەگوشار دەخرێتە سەر بیرکردنەوەو ئێوەش بەبڕیارەوە پارێزگاری لەبیرو بۆچونەکانتان بکەن، ئەوە کێشەی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەی کێشەی سیاسیش دێنێتە ئاراوە، ئەم گوشارەیە.

***بەرێز بێشکچی نوسین و کتێبەکانت سەبارەت بەکورد، مایەی شانازین بۆ کورد. لەلایەکی دیکە ئێمە بەناوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستانەوە زۆر سوپاست دەکەین بۆ رەخساندنی ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵتان..؟**

- سوپاسی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەکەم بۆ ئەو فرسەتەی کەبۆی رەخساندم تا تیایدا سەرنجەکانم دەربڕم و سەرکەوتنیش بۆ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان دەخوازم.